# دەستوور و ڕیفۆرم

کاوە ئەمین
Kawe35@hotmail.com

دەکرێت دانانی دەستوور بۆ وڵاتێکی وەکو عیراق، وەکو ڕیفۆرمێک لەو ڕیفۆرمانەی کە ئیمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ژێر فشارە دەرەکییەکان بە پلەی یەکەم و فشارە هەرێمیەکان بە پلەی دووەم، ڕوودەدەن، چاویی لێبکرێت. هەموو گۆڕانکاریی و ڕیفۆرمێک کە لە بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتیدا بێت، ڕووداوێکی پۆزەتیڤە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو ڕیفۆرمانە دەرمانی هەموو دەردەکانی ئەو وڵاتانە و گرووپە ئێتنیکییەکان دەکەن یان نا، بۆ نمونە گێشەی کورد؟

ئەگەر ئێمە وەکو سەرکردە کوردەکان بانگاشەی بۆ دەکەن کە دەڵێن ئەم دەستوورە لە هەموو دەستوورەکانی پێشووتر چاکترە، بیربکەینەوە، یاخود ڕیالیستیانە بۆ ئەو بەراوردکارییە بڕوانین، ئەوا لە هەندێک ڕووەوە ڕاستە، بەڵام ئەگەر سەیری پەیمانی یانزدەی ئازاریی ساڵی 1970 بکەین ئەوا زۆر خاڵی پۆزەتیڤ لەو ڕێکەوتنەدا دەبینینەوە، کە ڕەنگە لەم دەستوورەی ئێستادا هەر نەشبن (دەبێت ئەوەش بووترێت کە 11 ئازار ڕێکەوتن بوو نەک دەستوور)، بەڵام وەکو بینیمان لە کۆتایدا قازانج سەریی مایەی خوارد ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە کوردستان ڕووبەڕووی کرایەوە، بەتایبەتی گەلەکۆمەکێی نێونەتەوەیی بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا و شای ئێران.

کێشەیی کورد لە باشووری کوردستاندا بە درێژایی مێژووی دروستکردنی عیراقی نوێ، کەرکووک بووە، شۆڕشی ئەیلوولیش کرایە قوربانی ئەو کێشەیە، دەنا هیچ ڕژێمێک لە عیراقدا نکۆڵی لەوە نەکردووە کە دهۆک و هەولێر و سلێمانی کوردستان نەبن و بە جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی خۆجێیی کورد لەو ناوچانەدا قایل بوون، بۆیە دواخستنی گەڕانەوەی کەرکووک، لە دەستووردا، پەیماننامەی یانزدەی ئازاری حەفتامان بەبیر دەهێنێتەوە کە لە ماوەی چوار ساڵدا کێشەکە چارەسەر بکرێت، دەنا هەموو خاڵەکانی تری کە لە دەستووری ئێستادا هەیە لە پەیماننامەکەی 11 ئازاردا هەیە وەکو بە فەرمی کردنی زمانی کوردی، زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە چوار ساڵی نێوان 1970 تا 1974، بە ساڵە زیوینییەکانی زمانی کوردی دەژمێردرێن لە مێژووی کورددا، بە سیانزدە ساڵ دەستەڵاتی کوردیشەوە. ئەوەی کە عیراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێکدێت لە دەستووری ئێستادا نەهاتووە، بەڵام لە پەیماننامەی 11 ئازار و دەستووری کاتی 1958 دا هاتووە، ئەوەی کە نەخراوەتە پراکتیکەوە باسێکی ترە، چونکە شەرت نییە ئەم دەستوورەی ئێستاش بخرێتە پراکتیکەوە!

پێدەچێت سەرکرادایەتی کورد بەم ڕەوشەی ئێستای باشووری کوردستان ڕازیی بن کە هەریەک لە ناوچەی خۆیەوە حکوومڕانی بکات و جۆرە پەیوەندییەکی ئابووری و کولتووری و شتی تر هەبن، بۆیە تا ئێستاش نەتوانراوە ئیدارەکان بکەن بەیەک، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا گەورەترین گرفتە کە هاتۆتە سەر ڕێگای گەلی کورد لەو پارچەیەداو بگرە ڕێگرە لە بەردەم دروستکردنی نەتەوەیەک، چونکە ڕاستە گەلی کورد هەزاران ساڵە هەبووە و هەیە، بەڵام ئەو تیۆرییەی کە دەڵێت ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست دەکات زۆر ڕاستە، ئەوە ناسیۆنالیزمی کورد بوو لە باکووری کوردستان کە ژیانی بەبەر نەتەوەی کورد لەو پارچەیەدا کردەوە و لە مردن ڕزگاریی کرد.

ئەمریکا وەک زلهێزێک لە ناوچەکەدا سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە" بەرانبەر کورد پیادە دەکات کەچی هەمانکات دەیەوێت بەهەچ شێوەیەک بێت عەرەبی سوننە و شیعە لەیەک نزیک بکاتەوە، تا کاریگەریی ئیسلامییە توندڕەوەکان کەم بکاتەوە، دەنا ئەمریکا لە مێژبوو پارتی و یەکێتی و ئیدارەکانیانی کردبووە یەک، هەر بۆیە هەڵەیەکی کوشندەیە کە ئەمریکا وەکو دۆستێکی ستراتیجی و هەتاهەتایی لەقەڵەم بدرێت،

وەکو ڕاگەیاندنی حیزبەکان کوێرانە دەهۆڵی بۆ لێدەدەن، لە بیرمان نەچێت ئەمریکا دۆستێکی نزیکی سەددام و داروەستەکەی بوو، ئەو پیاهەڵدنەی ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" کە دەڵێت " ئەمریکا تەنها دۆستی ئازادیخوازی دەوێ" زۆر لە ڕاستییەوە دووره و سیاسەتێکی هەرزانە و هیچی تر، ئاخر ئەمریکا دۆستی نزیکی سعودییەو دەیان وڵاتی لەو جۆرەیە کە هەچیەک بن ئازادیخواز نین.
کەواتە پایهەڵدانی دەستووری عیراق لەلایەن پارتی و یەکێتییە و چاوبەستکردن لە خەڵک کە گوایە باشترین دەستوورە کە تائێستا نووسرابێت لەو وڵاتەدا، هیچ دەردێکی کورد تیمار ناکات، ئەوان لە ساڵی 1997 وە بە خەڵک دەڵێن ئیدارەکان ئەم حەفتەیەنا ئەوی تر دەکەینەوە بەیەک، بەڵام پاش هەشت ساڵ تازە دەڵێن کۆبوونەوەکانی ئەمجارەمان پۆزەتیڤ و ئیجابی بوو، هەقە سەرۆکی پەرلەمان کاتێک دیاری بکات، ئەگەر ئیدارەکان نەبنەوە بەیەک ئەوا با پارتی و یەکێتی لە پەرلەماندا بۆ گەلی کوردی ڕوون بکەنەوە، کە گرفتەکان چین، دەنا با هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی و چیتر خەڵکیش و خۆشیان فریوو نەدەن. ئەگەر دەستووریش هەمووی جێبەجێ بکرێت و ئیدارەکان نەبنەوە بەیەک ئەوا جێبەجێکردنی خاڵی 58 گەورەترین کێشە بۆ کورد دەنێتەوە، ئاخر ئەو کاتە کەرکووک بخرێتەوە سەر کام دەوڵەتۆکەی کوردی، هەولێر یان سلێمانی؟
مادەی سەدو شانزەی دەستوورەکە دەڵێت" بۆ هەر پارێزگایەک یان زیاتر هەیە کە هەرێمێک پێک بهێنێت لەسەر داواکارییەک بۆ ڕیفراندۆم" کە بۆ ئەوەش دوو مەرج دانراوە: یەکەم داواکاری یەک لەسەر سێی ئەنجوومەن ، دووەم یەک لەسەر دەی دەنگەدەران لە هەر پارێزگایەک. لە هەردوو حاڵەتەکەدا عەرەب و تورکومانی کەرکووک زۆر بە ئاسانی دەتوانن داوای ئەوە بکەن کە کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، بەو شێوەیەش بە دەستوورێک کە کورد خۆی لە نووسینەوەی دەستی هەبووە، کەرکووک بۆ هەتا هەتایە لەو شوێنەی کە پێی دەڵێت "هەرێمی کوردستان" دادەبڕدرێت ئەگەر بە گوێرەی دەستوور بکرێت و ڕیفراندۆمێکی وا لەسەر داوای عەرەب و تورکومانی کەرکووک بکرێت.
لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەستوور ڕیفۆرمێکە کە کۆمەڵێک لایەن لەسەری ڕێککەوتوون، ئەگەر کورد خۆی وەک عێراقی ببینێت ئەوا پێویستی بە دەستووریش نەبوو،ئەگەر کوردستانیانەش بیر بکەینەوە، کورد بە دەستی خۆی وڵاتەکەی لەسەر بنەمانی دەستوور دابەشکردەوە، ئەوەش یەکەمین جارە لە مێژوودا گەلێک بۆخۆی داوا بکات وڵات و نەتەوەکەی دابەشبکرێت، ئاخر سەیرە % 98 کورد لە باشوور سەربەخۆیی بخوازێت بە گوێرەی ئەو ڕیفراندۆمە نافەرمییەی کرا، بەڵام هەمانکات زۆرینەشی دەنگ بدات بۆ فیدراڵییەکی نادیار، کە کەس نازانێت سنوورەکانی کامانەن (لێرەدا ئەو کوردانەشی کە لە ئەوروپا دەنگیان بۆ پەرلەمانی عیراق دا، بەشدارن). ئەوەیە دەڵێن بانێکە و دوو هەوا.